# جەمشید ئەو هونەرمەندەی لەلای کورد و فارس خۆشەویستە



هونەری کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە هۆی دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار پارچەوە کاریگەر بووە بە کولتوور و هونەری ئەو پارچەیە، چونکە هونەرمەندان بەهۆی کۆت و بەندەکانی سەر زمان، رووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبنەوە بۆ بەردەوامیدان بە کاری هونەری، بەڵام هونەرمەندانی کورد بە بەردەوامیدان بە کارەکانیان، توانیویانە زمانی کوردی بپارێزن و پەرەی پێ بدەن، تەنانەت هەندێك لەو هونەرمەندانە جگە لە زمانی کوردی بە زمانی میللەتانی دیکەش بەردەوام بوون لە کارەکانیان و ئێستا لە وڵاتانی دیکەش خاوەن ناوبانگ و جەماوەری خۆیانن، یەکێك لەو هونەرمەندانە کە توانیی بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە هونەرەکەیدا سەرکەوتوو بێت، هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان (جەمشید)ی خەڵکی شاری سنەیە.

لە چەند سەرچاوەیەك وەرگیراوە



جەمشید یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەشداریی لە شاکاری پێشمەرگەی (هونەرمەند دڵشاد سەعید) کرد. لەم بارەوە دەڵێت: «بە شانازییەوە یەکێک بووم لە هونەرمەندە بەشداربووەکانی هەردوو شاکاری شنگال و پێشمەرگە، ئەم دوو شاکارە جگە لە لایەنی نەتەوەیی، کارێکی جیهانییە کە مامۆستا دڵشاد ئەنجامی داوە، کە لە تێکستی مامۆستا (ئەدیب چەلکی)یە، ئەم پرۆژەیە بۆ پێش هێرشی تیرۆریستانی داعش دەگەڕێتەوە»، هەروەها دەڵێت: «هونەر کارێکی پیرۆزە، ئەرکی هونەرمەندیش لە بواری خۆیدا وەك پێشمەرگە وایە و بەو چەکەی کە لە دەستیدایە، کە ئەویش دەنگیەتی، پەیامی میللەتەکەی دەگەیەنێت، هەروەها لەو ڕێگەیەوە پەیامەکەی بگەیەنێ بە خەڵك و نەوەکانی داهاتوو، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بناسن کە بەدرێژایی مێژوو خەباتیان بۆ میللەتەکەیان کردووە، چونکە زۆر کەس هەن ئاشناییان دەربارەی مێژووی خەڵکی کوردستان و قارەمانەکانی لە هەموو پارچەکان نییە»، جەمشید لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «میللەتی کورد هەمیشە لە ژێر زوڵم و زۆرداریی دوژمناندا بووە، من خۆم وەك هونەرمەندێك لە نێو ئەو زوڵم و زۆردارییەدا گەورە بووم، بۆیە من و هەموو هونەرمەندەکانی دیکەش ئەرکی سەرشانمانە کە گوزارشت لەو زوڵم و زۆردارییە بکەین کە لەسەر میللەتەکەمان هەبووە».

جەمشید باس لە سەرەتاکانی کاری هونەریی خۆی دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێت: «من لە سنە بۆ خوێندن چوومە تاران، لەوێ بەشی ئەندازیاریی تەلارسازیم خوێند، لە تاران گرووپی میوزیکی سنەییەکان یەکمان گرت و ئێمەش وەکو گرووپی عەندەلیبییەکان و کامکاران و چەند ژەنیارێکی ناوداری دیکە کاری زۆر باشمان کرد، سەرەتا تا ساڵی (٢٠٠٠) لە ستایلی فۆلکلۆر کارم دەکرد، ئیدی لەو ساڵەوە ئێرانم بەجێهێشت و نەگەڕامەوە، ماوەی (٢٠)ساڵە لە سنە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوورم و چەند ساڵێکیشە لە پاریس دەژیم و یەکەمین ئەلبوومی گۆرانیشم لە ئەمریکا بەناوی (نەخشی زیبا) لە ساڵی (٢٠٠١) بڵاوکردەوە، ئەو کات دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو، چونکە بە تەکنیك و ئەدایەکی زۆر نوێ کارمان لەسەر کردبوو، لەنێو تاراوگەنشینان پێشوازییەکی زۆر باشی لێکرا، پاشان ئەلبوومی (خۆش ئامەدی) و ئەلبوومی (ئەڤەلین نیگا) و ئەلبوومی سانیهام بڵاوکردەوە، دواتر زیاتر لە (٦٠) گۆرانیم بە شێوازی سینگل بڵاوکردەوە، لە هەر ئەلبومێکیشدا گۆرانییەك، یان دوو گۆرانیم بە کوردی بڵاو دەکردەوە، تاوەکو ئێستا خاوەنی هەشت ئەلبوومی گۆرانیم، ئەمەش جگە لە گۆرانییە سینگڵەکان».

جەمشید وەك هونەرمەندانێکی کورد کە گۆرانیی بە هەردوو زمانی فارسی و کوردی گوتووە، دەڵێت: «من هەمیشە شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم، بڵاوکردنەوەی گۆرانیی کوردی لە نێو ئەلبوومەکانمدا بۆ ئەوە بوو کە بە خەڵك بڵێم من کوردم، بەڵام بە زمانێکی دیکە گۆرانی دەڵێم، زۆربەی بینەران و بیسەرانی من فارس بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانیی کوردیم لە کۆنسێرت و ئاهەنگەکاندا دەگوت و باسم لەوەش دەکرد کە من هونەرمەندێکی کوردم و مێژوو و زمان و فەرهەنگی خۆمم هەیە، من پێموایە گۆرانیبێژ بە زمانەکانی دیکەش گۆرانی بڵێت باشە، بۆیە بە زمانی ئەرمەنی و تورکییش گۆرانیم گوتووە، بۆ ئەوەی پەیامی هونەرمەندان بە هەموو زمانێك بڵاوبکرێتەوە».

جەمشید وەکو یەکەمین هونەرمەندی کورد لە هۆڵی دۆلبی لە لۆس ئەنجلس کۆنسێرتی کردووە، لەم ڕووەوە دەڵێ: «ئاشکرایە هۆڵی دۆلبی، یەکێکە لە گرانترین هۆڵەکانی لۆس ئەنجلس کە هەموو ساڵێك ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکاری تێدا بەڕێوەدەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا سوپەرستارەکان دەتوانن لەم هۆڵە کۆنسێرت بکەن، بە خۆشحاڵییەوە منیش چانسی ئەوەم هەبوو وەکو یەکەمین هونەرمەندی کورد گۆرانی و میوزیکی کوردی لەم هۆڵە بەناوبانگەدا بچڕم، کە زیاتر لە ٧٠ سەماکار لەگەڵ گۆرانییەکانی من سەمایان دەکرد، لەگەڵ ٣٠ ژەنیاری ناودار کە میوزیکیان بۆ من دەژەنی، هاوکات زیاتر لە ٣٥٠٠ کەس لەم هۆڵەدا ئامادە بوون، یەکێك بوو لە سەرکەوتووترین کۆنسێرتەکانی من، هیوادارم بتوانم لە نەورۆزدا بەمشێوەیە لە کوردستانیش کۆنسێرتێکی مەزن ساز بکەم».

جەمشید لە بارەی هونەرمەندە لاوەکانیشەوە دەڵێت: «هونەرمەندی لاوی زۆر دەنگخۆش و بەهرەمەندمان هەیە و من گوێ لە زۆربەیان دەگرم، گوتنی گۆرانییە کۆنەکان بە شێوازی نوێ زۆر باشە، بەڵام پێویستە ڕەسانەیەتیی خۆی لەدەست نەدات، لەگەڵ ئەوەشدا نوێکاری و نوێگەریی پێوە دیار بێت، بە بۆچوونی من، ئەمە سوودی بۆ میوزیك و گۆرانیی کوردی دەبێت، گەنجی ئێستا دەیەوێت گوێی لە کاری نوێ بێت، ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە هونەری کوردی بدات.»



## پریانکا شۆپرا:

# ڕێگام بە گوڵ بۆ ڕانەخرابوو

خانمە ئەکتەری بۆڵیۆد پریانکا شۆپرا ڕایگەیاند کە خۆی بە ئەکتەری مرۆڤایەتی دەزانێت و هەر ڕۆڵێك کە پەیامێکی مرۆڤایەتی لە خۆی بگرێت، ئەو ئامادەیە بەرجەستەی بکات، بێ گوێدانە ئایین و نەتەوە و نەژاد و دڵنیاشە کە تێیدا سەرکەوتوو دەبێت.

پریانکا لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەییدا دەربارەی قۆناغەکانی ژیانی خۆی گوتی: «دوای ئەوەی لە بۆڵیۆدەوە ڕووم لە هۆلیۆد کرد، کەسانێك پێیان وابوو من زۆر بەختەوەرم، بەڵام ڕێگام بە گوڵ نەڕازابۆوە، چونکە من تا سەر ئێسقان هیندیم و بە هەموو زمان و شێوەزارەکانی هیندی قسە دەکەم، کە کەلتووری هیندی پێك دەهێنن، بەڵام لە کاتی نواندندا ئەمانە هەموو بە لاوە دەنێم، چونکە شێوازی هونەر و نواندنی من بەند نییە بە نەتەوە و نەژادی خۆمەوە».

لەبارەی ئەو ئاستەنگ و تەحەدییانەشی کە هاتوونەتە ڕێی گوتی: «هەوڵی زۆرم دا تاکو بیسەلمێنم کە من لە کارکردندا ئەکتەرێکی جددیم، بە بڕوابەخۆبوون و پشتبەستن بە تواناکانم و نەترسان توانیم بەردەوام بم، چونکە من دوای ئەوەی نازناوی شاجوانی جیهانم بەدەست هێنا، ساڵی ٢٠٠٣ بەشداریم لە فیلمێکی هیندیدا کرد، کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەست هێنا، دواتر بەشداریم لە زنجیرەی (کوانتیکۆ)ی ئەمریکا کرد، کە سێ وەرز بەردەوام بوو، پاشان توانیم بەشداری لە دوو فیلمی ئەمریکیدا بکەم ئەوانیش Bay watch، و Isn›t it romantic. بوون».

پریانکا باس لە کارە خێرخوازییەکانی دەکات و لەو بارەوە دەڵێ: «دوای ئەو سەرکەوتنەی لە کارە هونەرییەکانمدا بەدەستم هێنا، بەردەوام بووم لە کاری خێرخوازی، بەتایبەتی دوای ئەوەی وەك باڵیۆزی یۆنسیف بۆ نیازپاکی هەڵبژێردرام، بەڵام جگە لەوەش هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ براکەم کاری خێرخوازیمان ئەنجامداوە، چونکە بڕوام بەوە هەیە کە هەر کەسێك توانایەکی هەبێت، پێویستە بۆ کاری خێرخوازی بەکاری بهێنێت، من وەك خۆم تاکە کەسێکم، بەڵام ئەگەر دەنگم گۆڕانکارییەك درووست بکات، ئەوا بۆ کاری خێرخوازی بەکاری دەهێنم».

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئولولی**

# مارگۆت رۆبی زۆربەی سەروەتەکەی لە کڕینی خانوودا خەرج دەکات



لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەکتەری ناسراوی بە رەچەڵەك ئوسترالی (مارگۆت رۆبی) توانی ببێتە ناوێکی دیار لە نێو ئەکتەرانی هۆلیۆد، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە فیلمی (وولف ئۆف وولف ستریت) لەگەڵ لیۆناردۆ دیکاپریۆ رۆڵی پاڵەوانی بینی، ئیدی لەو کاتەوە لە سەرکەوتن بەردەوام بووە.

لەو ماوەیەدا رۆبی بوو بە خاوەن سەروەتێکی زۆر، بەڵام چۆنیەتیی خەرجکردنی ئەو سەروەتە زۆرەی بۆتە مایەی باس و مشتومڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لە خەرج کردنی پارەدا زۆر دەستبڵاوە، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیك، رۆبی پارەیەکی زۆر لە کڕینی خانووبەرەدا خەرج دەکات، بۆ نموونە: ڤێللایەکی لە گوندێکی سەر کەناری دەریا لە کالیفۆرنیا بە بەهای پێنج ملیۆن دولار کڕیوە، دواتر لە ساڵی ٢٠١٧ رووی کردۆتە لەندەن و لەوێش خانووەکی دیکەی بە بڕی (٢،٧٣) ملیۆن دۆلار کڕیوە، لەگەڵ خانوویەکی دیکە لە کەنداوی بایرۆنی ئوسترالی کە بە بڕی (١،٣) ملیۆن دۆلار کڕیویەتی.

رۆبی هەر بەمەش نەوەستاوە، بەڵکو بە کڕینی خانوویەك لە کەناراوەکانی ئوسترالیا بە بڕێ (١،٨) ملیۆن دۆلار یارمەتیی دایك و خوشکەکەی داوە، لەلایەکی دیکەوە یەکێك لە ئارەزووەکانی بریتییە لە کڕینی زێڕ و بەردی گرانبەها، بەتایبەتی لە براندی تیفانی لەگەڵ جانتای دەست، هەروەها کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی هونەریی دامەزراندووە، کە تا ئێستا چەند فیلمێکی بەرهەمهێناوە.

دواجار لە هەنگاوێکی سەیردا رۆبی ئامێرێکی کۆپیکردنی تاتۆی بۆ گشت ئەندامانی تیمی یەکێك لە فیلمەکانی کڕی.

## هند سەبری:

# هاوسەرەکەم گرنگی بە کارە هونەرییەکانم نادات



خانمە ئەکتەری تونسی (هند سەبری) رایگەیاند کە هاوسەرەکەی بێزنسمانی میسری (ئەحمەد شەریف) بە هیچ شێوەیەك حەز لە بینینی کارە هونەرییەکانی ناکات و گرنگییان پێ نادات.

هند زیاتر لە بارەی هاوسەرەکەی گوتی: «هاوسەرەکەم سەیری کارە هونەرییەکانم ناکات و گرنگییان پێ نادات، چونکە بۆچوونی تایبەتی خۆی دەربارەی چاودێریکردنی کارەکانم هەیەو، پێم دەڵێ کە منی خۆش دەوێ، نەك کارەکانم، بە هەمان شێوە باسی کارەکانی خۆیشی ناکات، بەتایبەتی لەماڵەوە.

هند لە میانەی دیمانەیەکی رۆژنامەییدا گوتی: «زۆر جار پێویستم بە رای هاوسەرەکەم هەیە و داوای لێ دەکەم کە هەندێك لە دیمەنەکان سەیر بکات، ئەویش سەرەڕای ئەوەی کە خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێ بە چەند دیمەنێکی فیلم و زنجیرە دراماکان، بەڵام ئامادە نییە بۆ بینینی نمایشی فیلمەکان لەگەڵم بێت».

لە لایەکی دیکەوە هەند رایگەیاندووە کە ئەو کەسێکە حەز دەکات زیاتر کاتەکانی لە ماڵەوە بەسەر بەرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی بووە بە دایك، چونکە وە خۆی دەڵێت، کارکردن و دایکایەتی بە یەکەوە لە یەك کاتدا زۆر زەحمەتە و زۆر جار هونەرمەند کە دایك بێت، پێویستە لەپێناو سەرکەوتن لە هەردوو بواردا قوربانی بە زۆر شت بدات، هەروەها تیشکی خستە بەرگریکردن لە مافی ئافرەتان و لەو بارەیەوە دەڵێت: «خۆم بە بەرگریکار لە مافی ئافرەتان دەزانم، بێ ئەوەی کە خەباتگێڕ بم لەو بوارەدا، چونکە بەرگریکردن لە مافی ئافرەتان کاردانەوەیەکی سرووشتییە بەرامبەر بەو هەموو زوڵمەی سەرتاسەری جیهاندا لە ئافرەتان دەکرێ، هاوکات ماوەی ٢٥ ساڵە کاری هونەری ئەنجام دەدەم، بۆیە ئارەزوویەکی زۆرم هەیە کە باس لە چەند کێشەیەکی نێو کۆمەڵگە بکەم، شانازییش بەوەوە دەکەم کە تونسیم، چونکە ئێمەی تونسی مێژوویەکی پرشنگدارمان لە بەرگریکردن لە ئازادییەکان بەگشتی و مافەکانی ئافرەت بەتایبەتی هەیە.



یارا:

# حەزم لە چێشتلێنانە

**خانمە هونەرمەندی لوبنانی یارا لە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕێگای بەرنامەیەکەوە هاتە نێو بواری هونەرییەوە و، توانی پلەی یەکەم لە بەرنامەکەدا بەدەست بهێنێت، دواتر یەکەم کلیپی خۆی بڵاوکردەوە و سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، بەم شێوەیە بەردەوام بوو.**

یارا لە دیمانەیەکدا باس لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات و دەڵێ: «من لە ژیاندا حەزم لە شتی نوێیە و هەوڵ دەدەم هیچ شتێك دووبارە نەکەمەوە، بۆ نموونە لە ئاهەنگ و کلیپەکاندا هەمیشە ستایلی قژ و جلوبەرگەکانم دەگۆڕم و حەز ناکەم دووبارە بێت، زۆ کەس پێیان وایە من حەز لە خواردن دەکەم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت من زۆر حەز لە چێشتلێنان دەکەم و ئەو خواردنانەی ئامادەیان دەکەم هەموویان ناخۆم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە جەماوەر ئاگاداری کارەکانم بکەمەوە، لەوانەش چێشتلێنان، هەروەها من یەکێکم لە عاشقانی زێڕ و بەردە گرانبەهاکان و بەردەوامیش سەیری یاریی تۆپی پێ دەکەم، بەتایبەتی یارییەکانی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی. لە ڕووی تەندروستیشەوە گرنگی بە تەندروستیی خۆم دەدەم و هەوڵ دەدەم زوو بخەوم، هەروەها لە ڕووی خواردن و جۆرەکانیشییەوە بەرنامەی تایبەتم هەیە، چونکە ئەمە بۆ هەموو کەسێك پێویستە، بەتایبەتی بۆ هونەرمەندان.

سەبارەت بە ساڵی ٢٠٢٠ و نەهامەتییەکان دەڵێ: «زۆر کەس باس لەوە دەکات کە لە زۆر ڕووەوە سەرەتاکانی ساڵێکی خۆش نەبوو، بەڵام هەمیشە دەبێ گەشبین بین و نزا بکەین، چونکە ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی لە سەرەتای ئەم ساڵدا ڕوویاندا، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر گشت بوارەکانی ژیانی هەموومان هەبووە، هونەرمەندانیش بێبەش نین، بەڵام وەکو گوتم نابێ ڕەشبین بین، بەڵکو دەبێ هەمیشە بە گەشبینییەوە لە ژیان بڕوانین، من کەسێکم هەمیشە خۆمم لە سیاسەت بە دوور گرتووە، هەرچەندە بۆ هونەرمەندیش ئاساییە کە وەك هەر کەسێك هەڵوێستێکی سیاسیی دیاریکراوی هەبێت، بەتایبەتی دەربارەی ئەو ڕووداوانەی لە ئێستا لە ڕوودەدەن لە وڵاتانی عەرەبی، نامەوێ ڕای خۆم دەرببڕم، بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات هەموو لایەکمان ئازار دەدات، ئێمە وەك هونەرمەند هیواخوازین کە ئاشتی و سەقامگیری باڵ بەسەر هەموو جیهاندا بکێشێت و خۆشەویستی و ڕێزگرتن بڵاو ببێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو لایەکمان ژیانێکی ئاسوودەمان هەبێت».

یارا بە چەندین شێوەزار گۆرانیی گوتووە و تێیدا سەرکەوتوو بووە، لەو ڕووەوە دەڵێ: «ناکرێ هونەرمەند تەنیا پشت بە شێواز و ستایلێکی تایبەت ببەستێن، بێ گومان هیچ هونەرمەندێك ناتوانێت پشت بە زمان و شێوازێکی تایبەتی گۆرانیوتن ببەستێت و بیەوێ سەرکەوێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی، من سەرەتا بە شێواز و ستایلی گۆرانیی ڕۆژئاوایی دەستم بە کاری هونەری کرد، زۆریش حەز دەکەم تێکەڵییەك هەبێت لە نێوان ئەو شێوازانەی پێشکەشیان دەکەم، بۆ ئەوەی هەموو لایەك ڕازی بکەم، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە هونەرمەندان لە ئێستادا ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبنەوە، یەکێك لەو گرفتانە کە ئێستا بە زەقی هەستی پێ دەکرێت، نەبوونی کۆمپانیای هونەرییە وەکو پێویست، کە هونەرمەندان پشتی پێ ببەستن».

یارا دەربارەی خۆشەویستی و سوارچاکی خەونەکانی دەڵێت: «زۆر کەس هەن کە داوای پەیوەندیی خۆشەویستیم لێ دەکەن، بەڵام هەر کەسێك بیەوێت لێم نزیك ببێتەوە، تاریق ئەبو جودەی بەڕێوەبەری کارەکانم ڕێگای پێ نادات تەنانەت ئەگەر ئەوکەسە ڕازی دڵی خۆیشیم بۆ دەرببڕێت، چونکە تاریق ئەبو جودە زۆر ئاگای لە منە، بێگومان یەکەم شت ڕوخسارە کە سەرنجڕاکێشە و کاریگەریی هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجم ڕادەکێشێ ڕێزگرتن و تێگەیشتنیەتی کارەکانم و ئەو بوارەیە کە کاری تێدا دەکەم، بەڵام ئەگەر پیاوێك هەڵەم بەرامبەر ئەنجام بدات و بزانم بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ئاشت ببینەوە، ئەوکات ڕاستەوخۆ پێی دەڵێم بڕۆ خوات لەگەڵ، حەز دەکەم ئەوەشتان پێ بڵێم کە من جارێك تووشی داوی خۆشەویستی بووم، بەڵام ئێستا پەشیمانم».

یارا کە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە هاتە نێو بواری هونەرییەوە دەربارەی جیاوازیی نێوان هونەرمەندانی ئێستا و پێشوو دەڵێ: «هونەری ساڵانی پێشوو بۆ سەردەمی ئوم کەلسوم و هونەرمەندانی ئەو نەوەیە تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، هەروەها هونەر بەتایبەتی گۆرانی و موزیکی ساڵانی نەوەدەکانیش جیاواز بوو لە هونەری سەردەمی پێش خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانییەکانی ئەم دوو سەردەمە ئێستاش زیندوون و هەموومان لە یادمانن، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئێستا وەك سەردەمەکانی پێش خۆی نییە، چونکە لە زۆر ڕووەوە تەکنۆلۆژیا کاریگەریی نەرێنیی کردۆتە سەر پێشکەوتنی هونەر، واتا لە جیاتی پێشخستنی هونەر دەبێتە هۆی دواکەوتنی.

سەرچاوە: www.aljadeed.tv/

